لەش فرۆشتن

کوردی

لەش فرۆشتن بەو کەسە ئەگوترێت کە یەکێک سێکسی لەگەل بکات و هەندێ پارەی بداتێ لە بڕی ئەوەی کە ئارەزووی دامرکێنێتەوە.

من ناتوانم بلێم مێژووی لەش فرۆشتن لە چ سەدێک یاخود لە چ ساڵێک پەیدابووە وە لەوانەشە لەش فرۆشتن لە کاتێک هەبووبێ کە دراو (پارە) نەهاتبێتە کایەوە لە بڕی ئەمە بە خواردن مامەڵە کرابێ

بەڵام ئەوەندەی ئەزانم بلێم کە ئەم ئیشە لە ئەنجامی برسیەت و لاوازی ووردی ئەم مرۆڤە پەیدا دەبێ لەش فرۆشتن دیاردەیەکە سەرتا سەری جیهانی گرتۆتەوە بەڵام ڕێژەی ئەگۆرێت لە وڵاتێک بۆ وڵاتێکی تر لە کۆمەلگای ئێمە ئەم دیاردەیە بە زەقی ئەی بینین بەڵام هاوکێشەکە یەک لایەنەیە، ئەو پیاوەی کە سێکس ئەکات لەگەڵ ئافرەت بەوەی کە بڕێ پارەی ئەداتێ ئەوا ئافرەتەکە بە سووک سەیر ئەکات و ناوی ناشیرنی لێ ئەنێت بەڵام بۆ خۆی شانازی پێوە ئەکات.

ئەگەر هاوکێشەکە لەسەر پێوانەی پارەبێت واتە ئەوەی پارە وەرئەگرێت بێ نرخە و ئەوەی پارەش ئەدا بە نرخە ئەوا زۆر لە کوڕە کوردەکانی خۆمان کە دێن بۆ ئەوروپا بە هەمان هاوکێشەیە بێ نەرخ و لەش فرۆشن

لە ئیتالیا و یونان پیاوی دوودەکی هەیە پارە ئەدا بەو کەسەی سێکسی لەگەڵ بکات کە کوردەکانی خۆمان پێیان ئەڵێن فرن دوو زاراوە هەیە ئەوەی پارەکە ئەدا پێ ئەلێن فرن، وەئەوەی پارە وەرئەگرێت پێ ئەلێن فرن چی وەک چۆن ئافرەتەکان لەسەر جادە ڕائەوەستن چاوەڕوانی یەکێکن بە سەیارە هەڵیان بگرێت کورەکانی خۆشمان چاوەڕوانی یەکێک ئەکەن هەڵیان بگرن .

ئایا پێتان وانیە ئەمەش جۆرێکە لە لەش فرۆشتن؟

من ئەوەی لام گرینگە بڵێم مەرج نیە کام ئەندامی کام ئەچێتە ناو لەشی کێ ئەوەی لام گرینگە باسی لەش فرۆشتن و پارەکە بکەم .

من نازانم هەتا ئێرە کێ لەگەڵ ڕای منە یان دژی منە بەڵام بابەتێکی تر هەیە کە من بە لەش فرۆشتنی ئەبەستمەوە، لە کۆمەلگای دووچیندا کە خێزانی دولەمەند و هەژار پەیدادەبێ هەندێ ئافرەت شوو بە پیاوێک ئەکات بۆ سەروەت و ماڵی واتە گیانی خۆی ئەدا بە گیرفانی ئەم پیاوە وە بە هەمان شێوە هەندێ پیاو هەن کە چاو ئەبرنە ماڵی ئافرەت تەنها بۆ بەرژەوەندی گیرفانی خۆیان واتە ئەمانیش لەشی خۆیان ئەفرۆشن .

ئەگەر شووکردن یاخود ژنهێنان لە سەر بناغەی پارە بێت و دووربێت لە خۆشەوویستی، ئەوا هیچ جیاوازی نیە لەگەڵ ئەوانەی لەسەر جادەکان ڕائەوستن.

ئەگەر هەر ئافرەتێک هیچ فشارێکی خێزانی لەسەر نەبێت بۆ ئەوەی شوو بە پیاوێک بکات تەنها مەبەستی پارە بێت من بە لەش فرۆشتنی دائەنێم.

وە لەمێژوودا زۆر هەبووە کە بۆ پارە خێزانیان درووست کردووە و مرامی خۆیان بەدەست هێناوە و ناوداریشیان لێ دەرچووە.

وە ناو و مێژووی ئەم کەسانەش بۆ خۆیانەر بەجێ دێلم کە بیری لێ بکاتەوە.